# شەونم

هۆنراوەی (50)

نسبت رویت اگر با ماه و پروین کردەاند

وەسفی رووی تۆیان ئەگەر وەک مانگ و پەروین کردووە
سوورەتی چاوپێ نەکەوتوویان بە تەخمین کردووە
کورتەچیرۆکە لە چاو عیشقی هەراسازێنی مە
هەر نەزیلێکیان لەدەم فەرهاد و شیرین کردووە
تێکە مەی ساقی لەگەڵ حوکمی ئەزەل هیچ ناکرێ
قابیلی گۆڕان نییە چۆنێکی دابین کردووە
روو مەکە کاسەی گڵی رەندان بە چاوی سووکەوە
چونکە زۆریان خزمەتی جامی جیهان بین کردووە
خاکی کووچەی دڵبەران بۆنێکی گیان بەخشی هەیە
عارفان خۆیان لەوێ بۆنخۆش و خۆشبین کردووە
شیتی وەک من چۆن دەبێ بگرێتە باوەش ساقیا
کیژی رەز ، کاتێ عەقڵیان پێوە کابین کردووە
خاکیان بێ بەش کراون لەو شەرابی مەعنەوی
چاو چ زوڵمێکیان لە دڵدارانی مسکین کردووە
باڵی داڵ و قەل شیاوی راو و راگرتن نییە
ئەو کەرەمیانە لەگەڵ شاباز و شاهین کردووە
هەرچی برژانگی درێژ و سیحر و جادوو کردیان
ئەو هەموویانی بە زولف و خاڵی مشکین کردووە
شەکرە ماچێ بوو بەراتی ئێمە لێوت پێی نەدام
خۆت و ئینسافت چییە تەخسیری مە چین کردووە
شۆخەکان بەو ئاوری سووری گوڵی روخسارەوە
شێخەکانیان شەرمەزاری لای دڵ و دین کردووە
شێعرەکانی حافزی گشتی سەنای ئێحسانی تون
هەرکەسیش بیستوویەتی سەدجاری تەحسین کردووە

حافزی حەقیقی